

# دیاردەیەكی نایاسایی لە نێو هەندێك فەرمانبەراندا، گەر ماشە هەبێت بۆچی بە دەست پۆلەكەی ئاگر هەڵگرین؟

**موزەفەر فەتاح سەعید**
**دادوەری لێكۆڵینەوەی هەولێر**

زۆرجار روودەدات كە فەرمانبەرێك لە دەوامی فەرمی دوا دەكەوێت یاخود بە بێ مۆڵەت فەرمانگەكەی بەجێ دەهێڵێت.

بێگومان ئەمانە سەرپێچییە لە ئەركی خۆی، دەبێت بەڕێوەبەر بەرەنگاری بێتەوە، ئەگینا ئەویش دەبێتە هاوبەش لەم سەرپێچییە، بەڵام ئەوەی جێی داخە هەندێك لە بەڕێوەبەرەكان یان بەرپرسان بەشێك لە بەڕێوەبەرایەتییەكان، زۆر بەشێوەیەكی نایاسایی مامەڵە لەگەڵ ئەم حاڵەتانەدا دەكەن ئەویش بە بانگكردنی فەرمانبەرەكە و ئاڕاستە كردنی هەندێ وشەی زۆر قورس و بەشێوەیەكی ناشارستانی بۆ نموونە پێی دەڵێت( ئەرێ كاكە ئێرە دائیرەیە یان چایخانەیە؟!) یان پێی دەڵێت(ئەرێ كاكە تۆ عەنتەری بەبێ مۆڵەت فەرمانگە بەجێ دێڵی) و هەندێ جاریش لە پێش فەرمانبەرانی تر ئەو وشانە ئاراستەی سەرپێچیكەرەكە دەكات.

من لێرەدا دەمەوێت بڵێم، گەر ماشە هەبێت بۆ بەدەست پۆلەكەی هەڵگرین، ئێمە لە كۆمەڵگایەكی خاوەن دابونەریتدا دەژین و كولتورێك پەیڕەو دەكەین، كە تیایدا كەرامەتی تاك حورمەتێكی گەورەی هەیە بۆیە لە زۆربەی حاڵەتەكاندا فەرمانبەرەكە بە قورسی وەڵامی بەرپرسەكەی دەداتەوە و لە جیاتی ئەوەی كێشەكە لە ئاستی خۆی چارەسەر بكرێت گەورەتر دەبێت و هەندێ جار دەگاتە ئەوەی دەستیش لە یەكتر بوەشێنن. كێشەكە لەبری ئەوەی لە چوارچێوەی فەرمانگەكە چارەسەری بكرێت ( بەپێی ماددەكانی ١٠،٢٤ لە یاسای رێكخستنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی ئیشتراكی ژمارە ١٤ ی ساڵی ١٩٩١) دەگاتە دادگا و لەبەر ئەوەی ئەم كێشانە مادەی ٢٢٩ لە یاسای سزاكانی لە سەر جێبەجێ دەبێت، بۆیە هەتا ئەگەر لایەنەكانی كێشەكەش ئاشتبوونەوە لەگەڵ یەكتر و سكاڵاكەر پاشگەز بووە، لە سكاڵاكەی ئەوا كێشەكە داناخرێت لە بەر ئەوەی مەشمول نییە بە مادەی(٣)ی یاسای ئوسولی دادبینی.

من وەكو دادوەری لێكۆڵینەوە وێڕای ئەركە یاساییەكەم زۆرجار بەسكالا لێكراو دەڵێم وەكو ئامۆژگارییەك(تۆ شتێكی زۆر ناشارستانیت كردووە دەرهەق بە بەڕێوبەرەكەت. تۆ مرۆڤێكی رۆشنبیری ئەو شتە لە تۆ پێشبینی ناكرێت) لە زۆربەی وەڵامەكاندا دەڵێت: باشە گریمان من سەرپێچیم كردووە، باشە بۆ ئەو رێگای یاسای نەگرتۆتە بەر؟ نەك بەم شێوەیە رەفتارم لەگەڵ بكات.

من لێرەشدا دەمەوێت بڵێم هەرێمەكەمان هەرێمی كوردستان، خۆشبەختانە زۆر بە خێرایی هەنگاو بەرە و پێشەوە دەنێت بەرەو كۆمەڵگایەكی پێشكەوتوو و شارستانی، بۆیە هیوام وایە لە هەموو خوشك برا فەرمانبەرەكانی هەولێر بۆ بنبڕكردنی ئەم دیاردە ناشارستانییە هەوڵی خۆیان بخەنە گەڕ، چونكە هاوكاری كردن تەنها بەیەك خشتیش لە بنیاتنانی هەرێمەكەمان گرینگی خۆی هەیە و جێگای سوپاسە.